

Visual Evidence for Victims

**هەموو خزمەتگوزاریەکان بە خۆڕایین و نهێنیانەن**

## ئایا تۆ بوویتەتە قوربانی شەڕوئاژاوەی خیزانیی؟

## ئایا بوویتەتە قوربانی تاوانی ڕق و کینەیی؟

## ئایا بوویتەتە قوربانی پەلاماردانی سێکسی؟

## ئایا بریندار کراویت و زیان بە موڵک و سامانت گەیەنراوە؟

### ئایا هێشتا ئامادە نیت کە بە پۆلیسی رابگەیەنیت؟ - بەڵگەی وێنەیی بۆ تاوانلیکراوان (VEV) دەتوانێت یارمەتی بدات -

زۆر لە تاوانلێکراوانی شەڕ و ئاژاوە بڕیار دەدەن کە بە پۆلیسی رانەگەیەنن، بەڵام تاوانلێکراوێک ڕەنگە بخوازێت کە برینداریەکانی لەلای ئاژانسێکی کەرتی خۆبەخش تۆماربکرێت. پرۆژەی VEV دامەزراوە بۆ ئەوەی کە ڕێ بە خەڵک بدات بەڵگەی تاوانێک لەلایەن ئاژانسێکی خۆبەخشەوە تۆماربکات، لەبەر ئەوە تاوانلێکراوەکە پێویست ناکات کە بچێت بۆ لای پۆلیس. چەند ئاژانسێک لە ناوچەکەی تۆدا فەرمانبەریان هەیە کە مەشقیان پێ دراوە کامێرا پەسەندکراوەکانی VEV بەکاربهێنن بۆ تۆمارکردنی برینداریەکان یان زیانە موڵک و ماڵییەکان.

- برینداربوونی لەش: ئاوسان، بڕین، ڕوشان، قژی هەڵکێشراو، هتد.
- زیانی موڵک و ماڵ: پەنجەرەی شکاو، دەرگای شکاو، نووسینی شتی ناشرین، هتد.

دەتوانین بەڵگە فۆتۆگرافیەکان تۆماربکەین بۆ ئەوەی کە بەڵگەت هەبێت لە داهاتوودا کردەوەی یاسایی بکەیت. ئەم بەڵگانە بە نهێنیانە و سەلامەتی هەلدەگیرێت بۆ بەکارهێنانی داهاتووی. ئەگەر تاوانبار بڕیار بدات کە بیەوێت کردەوە بکات، بەڵگەکە دەتوانرێت لە دادگای تاوان یان پرۆسەی سیڤیڵیدا بەکاربهێنرێت. لەبری ئەوە دەتوانرێت لە فایلدا هەڵبگیرێت ( بۆ ماوەی ئەوپەڕی 6 ساڵ) یان دەتوانیت بڕیار بدەیت کە فۆتۆگرافەکان بفەوتێنرێت. دەتوانیت دەستت بگات بە پشتگیری و زانیاری بۆ ئەوەی کە یارمەتیت بدات بڕیار بدەیت کە چی بکەیت.

هەرگیز زۆرت لێ ناکرێت کە بەڵگەکانت تۆماربکرێت – ئێمە تەنها دوای مۆڵەت وەرگرتن لە تۆ وێنە دەگرین. ئێمە هەموو تاوانلێکراوەکان بە ڕێز و بە مێشکێکی کراوەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین. هەستیار دەبین و لەوە تێدەگەین کە برینداریەکان ڕەنگە لە شوێنی تایبەتی لەشدا بن. ئاژانسەکانی VEV بە کەسی تر ناڵێن کە فۆتۆگرافەکانی تۆیان لە لایە. ئەگەر تاوانەکەت بە پۆلیس ڕاگەیاندبێت ئەوا پێویست ناکات کە خزمەتگوزاری VEV بەکاربهێنیت. **34** ئاژانس لە ناوچەی **West Midlands** دا هەن کە خزمەتگوزاری **VEV** پێشکەش دەکەن، بۆ ئەوەی کە زیاتر بزانیت ئەوا پەیوەندی بە **Victim Support** وە بکە: **0121 544 4336.**

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ***Victim Support*** وە بەڕێوەدەبرێت، بۆ پتر زانیاری تکایە پەیوەندی بە لوسی جۆرجەوە بکە- ***0121 543 1722.***

نامیلکەکە بڵاودەکرێتەوە لەلایەن:

(Leaflet given out by)

Victim Support West Midlands

Helping people cope with crime

(VEV leaflet – Kurdish Translation, Oct 2007)